سیره ژماره: ١٧

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الإنسان لفي خسر، إلا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر) (العصر١، ٣)، والصلاة و السلام على خير خلقه محمد وعلى اله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

دەرسی پێشتریێ لە خزمەتتان باسی مەرحەلەی وەسەطییەتی نبووەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەو حالەتەی کە خۆی پێغەمبەر لەگەر موئمینین پاشان ئەو وەسەطەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تێیدا ژیا بوو، فیئەی کەفەرە تەقسیمان کردن لەبۆ عەوام لەبۆ مەسئولین، مەسئولین دوو فیئە بوون جەمعی سەدەنە مجێورەکانی صەنەم ئەصنام وە جەماعەتی دەورەمەند و ئەثریاء کە لەوانە سیاسەتی مەککە پێك دەهات.

ئەوجە صیغەی تەعامولی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەو بیئەیە وەکو تەقدیمی ئەو ئیمان و ئەو دینەی بکا لە مەرحەلەك لەبۆ مەرحەلەکی ئاتی موتەقەدیمتر، کە ئەویش فەترەی ڕیسالەتە.

دیسان ئەوڕۆش ئیحتیاجمان بەوی دەبی بە تەصەوەر بە خەیال نەقل ببین لەبۆ مەککە ناو داخیلی مەککە، ئەوجارە تبوغرافییەتی مەککە زیاتر عەمیق تر لە ذاتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، پێغەمبەر و حەولی پێغەمبەر، ئەوجا پاشان دیسان دەقیق تر لە سیفاتی کەلیمەی الناس هۆردوو فیئە شمول دەکا، ئەوجە ئایا پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کو تەعامولی کردییە لەگەر حالەتی تازە کە ئیعداد کرایە؟ ئەویش فەترەی ڕیسالەت ئیعلام دەکریێ و دەست پێ دەکا، بیست ساڵی دی بە ڕیسالەت مەشغول دەبی هەتا رب العالمين ئیختیاری دەکا لەبۆ لای خۆی.

دێینە سەر مەککە خصوصییەتی مەککە لە دوو بوعودەوە، لە دوو لایەنەوە، لایەنی زەمان وە لایەنی مەکان، خصوصییەتی مەککە لەسەر هەموو تەفضیل کردنی لەسەر هەموو کوڕەی ئەرض بەو دوو شتە، زەمانەن لەو فەترەیەی کە پێغەمبەر و صەحابە و شرك مەوجود بووە، هەموو جێیەك حەلال بووە کوشتنی و برین تەقطیع و ظولوم کردن بەشەر لەبۆ بەشەر، بەس لە دینی ئیبراهیم چار مانگ زەمانی چار مانگ ئەویش چار مانگە موحەرەمە ذوالقعدة ذالحجة و رەجەب ئەو چار مانگە زەمانن بەس لەناو مەککە کوشتن و برین و جەردەیەی و دزی وە هەر شتی خراپ هەبووبی بەشەر پێی ناخۆش بووبی حەرام دەکرا، لەو چار مانگەی هەموو عەرەب ڕوویان دەکردە کار و کاسبی ژن و ژن هینان، لێکتر خواستن ثوقولیان دەهاویشتە ناو ئەو چار مانگەی، لۆیێ ئەوەی دیراسەی تاریخی مەککەی کردبی تەمەشا دەکا لەو چار مانگەی ثوقلەکی زۆر هەبووە لەسەر مەککە، تیجارییەن

ئیقتیصادییەن ئیجتیماعییەن، وفود و قەبائیلی زۆر هاتتە ناو مەککە، فکرییەن ئەو حالەتە بەس لە ناو مەککە مەوجود بووە.

ئەوەش لە دینی ئیبراهیمەوە لەبۆ عەرەب مایە وە عەرەب تانیتی حیمایەی بکا بەس بە بەعزە تەحریفات نەبی، ئەویش بەعزە جار کە شەڕیان موستەمیڕ دەبوو، شەر لە بەینی قەبائیل موستەمیڕ دەبوو، خاصەتەن قوڕەیش حەقی ئەوەی هەبوو ئەو ئیشەی بکا، قوڕەیش لەگەر فیئاتیتکە ئەگەر شەری موستەمیڕ بایە دەیتانی أشهر الحرم تەقدیم و تەئخیر کا، لە جیاتی ئەو چوار مانگەی ذی القعدة و ذي الحجة و موحەرەم و رەجەب مانگیتکە تەحریم بکا، ئەو چار مانگەی تەحلیل کا، رب العالمین لە قورئان (إنما النسيئة زيادة من الكفر) ئائەو مەوضوعە بەحثی دەکا ئەوە حوڕمەتی زەمانی بە نیسبەت مەککە.

حورمەتی مەکانی: قەدیمەن گوتمان رب العالمین لەسەر کوڕەی ئەڕض بەس بەیتی ئیختیار کرد بە مەثابە، گوتمان مەثابە رەمزە وەکو ئینسان لە شارەك لە مەنطیقەك شتەکی زۆر برند عەلامەتەکی برند ئیختیار دەکا، دەیکاتە رەمز لۆوەی دەور و بەرو وەسط بەو رەمزەی پێ بناسی، وە ئەوەی ئەگەر جێیەکەی نەناسی غەریب بوو بە واسطەی ئەو مەثابەتەی بگاتە جێیەکانی خۆی، وەکو قەڵای هەولێرێ مەثابەیە لەبۆ هەولێرێ، خاصەتەن لەبۆ ئەو ئینسانانەی کە غەریبن خارجی هەولێرن، رب العالمین ویستی لەسەر کوڕەی ئەڕض جێیەك ئەوها ئیختیار بکا هەموو بەشەر جوغرافییەن تێیدا جەمع ببن، مەثابەکەش ئائەو بەیتە بوو حەزرەتی ئیبراهیم بینای کرد.

ئیذەن بوعدی دینی یان ئەثەری دینی مەککە بە واسطەی بەیت لە حەزرەتی ئیبراهیمەوە بە میرات لەبۆ عەرەب مابوو، لۆیێ عەرەب پێشی پێغەمبەریش هەر دەهاتنە مەککە وە دەهاتنە بەیت وە ئەو طەوافەی کە ئێستا دەکرێ بەشکلەك طەوافیان دەکرد، ئەوانیش کو ئێستا حەجاج لە دەوری بەیت دەسوڕێ بەعەینی شکل طەوافیان دەکرد ئەوانیش، کو ئێستا حەجاج لە دەوری بەیت دەسوڕێ بە عەینی شکل حەجاجی ئەو زەمانیش دەسوڕان، ئیحڕام نەوعەکیتکە بوو وەکی ئێستا نەبوو، تەلبیە نەوعەکیتکە بوو وەکو ئێستا نەبوو، بەعزە تەغیراتی کرد پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم.

ئیذەن ئەثەری دینی پێشی ریسالەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ئەثەری دینی لە مێشکی عەرەب بە نیسبەت بەیت مەوجود بوو، پێشی ریسالەی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم، لۆیێ کە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم تەواجود دەکا لەو مەنطیقە دینییە مەجالی قوڕەیش ئەوەی هەیە بتانی بە ناوی دین قسان بکا، مەنطیقەکە مەنطیقەی مەککە و خاصة داخل البيت جێیەکی دینییە، مەقامەکی تەدەیونییە، هەر کەسەك بیەوێ بە ناوی دین قسان بکا دێ لەوێ قسان دەکا، پێغەمبەریش صلی الله علیە وسلم دەچوو لەوێ قسانی دەکرد، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وەکو رەمز لەوێ نوێژی دەکرد لەوێ بە

ثەبات دەما، هەر لە بیدایەتی دەعوە، رۆژی یەکەمی ئیسلام هەتا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیخراج کرا لە مەککە لەبۆ مەدینە.
ئەو بوعدە دینییەی مەککە غەیریش مەحاوەلەیان دەکرد لۆ خۆیان سەحب کەن، ئەوەی لە تاریخی جەزیرەی عەرەبی مەککە دیراساتی هەبووبی دەزانی حەتا شوعەراء شوعەرائی گەورە گەورە خاصەتەن لەوانە موعەلەقات دەچوونە لەناو بەیت شعرەکانی خۆیان دەگۆت، وە هەرچی ئیجماعەك لەسەر شیعرەکایان بکرابایە کە شیعرەکانیان چاك و بەتامە لە دیواری بەیت دەدرا، لایەزالیش ئێستا معلقات السبعة لە بیدو فولان و فولان عەنتەرە و ئەوانە هەموو شوعەرای قەدیم پێیان دەگووترێ شعراء المعلقات السبع.
لۆ موعەلەقاتە؟ کانت أشعارهم معلقة في أسفارالكعبة، شیعرەکانیان بە بزمار لە دیواری کەعبە هەردەواسرا، یەعنی هەتا شوعەرائی ئەو زەمانیش مەحاوەلەی سەحبی بوعدی دینی فکری موقابیل بکا لەبۆ خۆی، لۆ؟ چونکی ئائەو تەدەیونە نەوعە مەغموقییەتەك نەوعە مەکانەتەکی دەدا بەشەر، حەتتا شوعەراء دەورەمەندەکان زەنگینەکان هەر لەناو بەیت نادیان لۆ خۆیان دروست کردبوو، ئیجتیماعاتیان لیقائاتیان هەتا بەحثی کڕین و فرۆشتن لەناو بەیت دەکرا.
ئیذەن خۆی بەیت وەکو مەکانەك وەکو جێیەك موحاید هەر ئینسانەك بیەوێ چ قەناعەتەك و فکرەکی هەبی بتانی لەوێ طەرحی کا، ئائەو حالەتە حورییەتی دینییە حورییەتی فکرییە لەناو بەیت مەوجودە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ضەرفی سێزدە ساڵی ڕەبەق زۆر حوسنی ئیستیفادەی لێ کردییە وە لێیکرد، سێزدە ساڵی ڕەبەق محمد صلی الله علیه وسلم سێ ساڵی فەترەی نبووەت وە دە ساڵی فەترەی ڕیسالەت بە عومق ئیستیفادەی لەو حوڕییەتە دینییەی کردییە، کە لەناو مەککە مەوجود بووە، ئیللا دوو سێ حالاتی غەریب نەبووبی ئەویش موجریمینی قوڕەیش بە ئیستیعانە و ئیستیغاثەی شەیطان ئیقداماتیان کردییە لەسەر بەعزە حالاتی موعەییەن، ماتەبەققا بەیت مەحمی بووە لە ئیظتیهادی دینی.
نوقطەی موهیمیتکە ذاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە بە شەڕەفترین یان یاخود شەریفترین ئینسانی مەککە بوو، لە قەبیلەی عەشیرەتی قوڕەیش لە باشترین نەوە، حەتتا مامی شەریفی مەککە بوو ئەبوطالیب، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەو عائیلەیەی بوو، طەبیعەتی خۆشی پێشی حەفت هەشت دەرسان بەحثمان کردییە لە درسی طەبیعەتی خۆی ئیختیصاص طەبیعەتی خۆی ئیجتیماعی ئەثەری ئیجابی زۆری هەبووە لە ئیسمی محمد کە نەبی وە کە رسول، لە ناوی محمد صلی الله علیه وسلم.

مەثەلەن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەر لە منداڵیەوە پێشترێ بەحثمان کردییە هیچ لەقطەك هیچ زەللەك هیچ خەطەئەك هەتا تەعەمودیشی لەسەر ئیحتیساب نەکرایە، لە فایلی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم هیچ خەتی سۆر نییە، لە مێشکی موقابیل مەککەیی هەموویان ئائەو پاشان جودودی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کوری (عبداالله) یە عبدالله کوری (عبدالمطلب)ە ئەوانە هەمووی ئەحناف بووینە، هەموو ئینسانی چاك و خاوێن و ناودار و مەعرۆوف بووینە.

پاشان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆی کە لە تیجارەت ئیشی کردییە، لە ناو بازاڕی مەککە کە ئیحتیکاکی کردییە لەگەر ئەهلی مەککە و حەتا خاریجی مەککەیی، سومعە و مەکانەکی زۆر مەرموقی سەحب کردییە و جەمع کردییە لەبۆ خۆی بە ناوی ئەمانەت، بە ناوی صدق، بە ناوی ئیخلاصییەت، بە ناوی ئەوەی فیعلەن غەش و خیانەتی لێ نەدیترایە، ئەو هەموو شتانەی لەبۆ خۆی جمع کردییە، شەخصییەتەکی خاص پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەبۆ خۆی دروست کردییە، ئەویش رب العالمین موستەقبەلەن دینەن ئیستیعمالی دەکا لەبۆ نبووەت و ریسالەت، لۆیێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە ذاتی خۆی هەیبەتەکی گەلە غەریبی هەبووە، شەخصییەتەکی گەلە بە قووەتی هەبووە.

ماعدای ئەوەی کە (رب العالمین)یش پێشترێ فەترەکی زۆر پێشی ئێستا بەحثی ئەوەمان کرد: کە رب العالمین کو حەتا صیاغەی جسم و بەدەنی پێغەمبەری کردییە لەبۆ موهیمەی موستەقبەلی ریسالەت و نبووەت، بەدەنی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم موجەسەمەن بەو نەوعەی دروست کرایە کە بتانی فیعلەن موستەقبەلەن ئەدای نبووەت و ریسالەت بکا، عورض و طول و وەزنی و تەقاطیعی دەم و چاوی و دەستی و نەرمی و بۆنی و نەبەڕاتی دەنگی ئەوانە هەمووی خصوصەن دروست کرایە لەبۆ پێغەمبەر، ئەو هەموو شتانە ئیمتیازاتانە هەمووی لە ذاتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەمووی حوسنی ئیستفادەی قوصوا بکرێ لە ئەثناء تەبلیغ و تەبیین و تەفهیمی ئوممە لەبۆ دینی، ئەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئائەو نوقاتانە هەمووی حوسنی ئیستیفادەی لێ دەکا.

مەقامی زەمەنی مەککە کە أشهر الحرم شەڕ رادەوەستی لەناو قەبائیلانیش شەر رادەوەستی، عەڕەبی خاریجی مەککە کە هەموو دێنە ناو مەککە لەبۆ حەج و لەبۆ تیجارەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئیستیفادە لەو زەمانەی دەکا، لەو زەمانە مەحاوەلە دەکا زۆر ئیحتیکاك بکا لەگەر قەبائیل و عەشائیری عەڕەب، کە وەقتیتکە نەیان دەتانی بێنە ناو مەککە، ئیذەن حوسنی ئیستیفادەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە أشهر الحرم کە مەوجود بوو لە مەککە.

پاشان حورمەتی بەیت لەناو شعوری عەڕەب کە فیعلەن لەناو بەیت نابی کەس حقوقی نەشر و تەوزیع بلێین بەینە قوسەین مەنع و تەحریم بکرێ، بەیت مەنطیقەك حورە هەر ئینسانەك دەتانی ما

یکون في داخله هەرچی مەوجوده له خەیاڵ و مێشکی دەتانی تەعبیر بکا و بانگ رابهێری خەرکیشی پێ ئیقناع بکا، ئەوه نوقطەی دووەم که پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زۆر ئیستیفادەی لێ کرد.

نوقطەی سێیەم: خۆی تەکوینی شەخصی محمد صلی الله علیه وسلم له بوعدی بەدەنی، جسمی طول و عورضی بەحثمان کرد نەبەڕاتی صەوتی تەقاطیعی دەم و چاوی دەستی، لۆیێ مەثەلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم که دەرۆیشت وفقی ئەو جسمه و بەدەنەی دەرۆیشت، که دادەنیشت بەو جسمەی دادەنێشت، که قسەی دەکرد بەو حونجرەیەی قسەی دەکرد، ئەو هەمووی بەو خصوصییەتەی دروست کرابوو، که فیعلەن بتانی موهیمەی نبووەت و ریسالەت ئەدا بکا له قیممه.

ماعەدای ئەوجه مەقامی ئیجتیماعی مەقامی ئیقتیصادی که کابرا خۆی دەورەمەنده، که خەدیجەی هینا خەدیجه مولیۆنێره بوو، پارەی خەدیجەی هەموو کەتەبن دەستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەها له بیرتانه (و وجدك ضالا فهدى ووجدك عائلا فأغنى)، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەورەمەند بوو له فەترەی یەکەمی نبووەت وه ریسالەت، ئەمما پاشان ئەو هەمووو پارەیەی صەرف کرد في سبیل الله، ئەو حالەته نەفسییه پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم حوسنی ئیستیفادەی لێکردییه لەبۆ چ؟

ئەلف: بتانی له مەسامیعی هەموو موستەوایاتی شەریحەی مەککەیی قورئان تەوصیل بکا، دین تەقدیم بکا، شەریحەی دەوڵەمەند پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەوڵەمەنده چونکی ئەگەر کابرا فەقیربی دەوڵەمەند لێی وەرناگری، ئیعتیبار لەبۆ ئائەو فکر و فەهەمەی داناندرێ که کابرای فەقیر هەیتی، لۆیێ رب العالمین پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم به دەورمەندی به جێی دێلی، لۆوەی فیعلەن بتانی طەبەقه و شەریحەی که دەرسی پێشترێ بەحثمان کرد لەگه طەبەقەی سەدەنه حیمایەی بتەکانیان دەکرد، که ئەوانه ساسه و موخەطیطینی مەککه بوون، لەوانەوه تەخطیطات دەردەچوو، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم له مستەوای مادده پاره ماڵ له مستەوای وان بی.

که دادەنیشی لەسەر مێز له گەریان لەبۆ تەفاهوم لەبۆ تەقدیمی دین له مستەوای وانه، ئەوان چەندیان هەیه پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوهای هەیە، ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم له بوعدی ماددی پاره بتانی سەطوه هەبی لەسەر وانیش، سەیطەرەی هەبی لەسەر وانیش ئەوه له جانیبی پاره.

له مەوضوعی شەڕەف مەکانەی ئیجتیماعی ئەبوسوفیان و ئەبولەهەب و ئەوانه هەمووی دونی پێغەمبەرن، له مەکانەی ئیجتیماعی لۆیێ که پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم که دادەنیشی بەرامبەریان دینیان تەقدیم دەکا بتانی فیعلەن تەوصیلی دینەکەی بکا.

له بوعدی عومر و عەقل ئیثبات کرایه له ناویان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم له هەموویان عاقل تر، هەر خۆیان که له پاشان ئەیامی موستەقبەلی کەشف دەکا که دەبنه دوژمنی خۆیان موسبەقەن ناویان نابوو صادق، وه خۆیان ناویان نابوو ئەمین، طەبعەن گوتمان دوو بوعده صادق صدقی لەگەر داخیلی خۆی لەگەر قووەی رەبانی، ئائەو حالەته غەیریش طەبعەن پێشی نبووەت ئیحساسی لێ کردبوو له پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم که فیعلەن ئەو ئینسانه لەگەر ئینسانی موقابیل هەمووی به صیدقەکی کوللی تەعامول دەکا، محمد به صدقەکی تام به صدقەکی ئیطلاق تەعامول دەکا، باشه ئەگەر ئێستا ئەو ئینسانه صادق بی، کو موستەقبەلەن درۆێ دەکا نەك لەگەر بەشەر لەگەر الله ئیدیعای ئەوەی بکا له (الله)وه ریسالەی لۆ دێ؟ ئەوه مەفهومی صدق.

مەفهومی ئەمانەت: ئەو ئینسانه پێشی ئەوەی ببته نەبی وه رەسول عومری بیست و پێنج ساڵی بووه به تیجارەت خەریك بووه لەناو مەککه، لۆیێ له هەموو توجارەکان ناجیح تر بووه له تیجارەت چونکی زۆر ئەمین بووه له کڕین و فرۆشتنی، هەرچی توجاری مەککه گچکه و گەوره له قوماش فرۆشتن رایان کێشایه و غەشیان لەگەر کردییه، له کێشانی کیلۆ وەزن غەشیان لێ کردییه، ئەمما ئەو (محمد)ه پێشی ئەوەی ببته نەبیش هەر به ئەمانەت لەگەر ئینسان تەعامولی کردییه، کابرای قوماشی لێ کڕیبی بردیتییه مارێ تەمەشای دەکا دەبیبووی نەفسی کەمی صەحیح دەردەچی، ئەگەر شەکر و شتیتکەشی لێکڕیبی که دەبیاته کن کابرایەکیتکه بەققار پێی دەکێشی تەمەشا دەکا نەفسی وەزن دەردەچی، مەقامی ئەمانەتی (محمد)ی مەعنەوی دەکەوته ناو دری ئەو ئینسانەی، ناو قەلبی ئەو ئینسانەی، ناو شعوری ئەو ئینسانەی، ئەوه هەمووی رب العالمین ئیعدادات دروست دەکا لەبۆ محمد لەبۆ موستەقبەل، لۆوەی حەتا کابرای عەوام حوجەی نەمینێ بەرامبەر پێغەمبەر، نەرێ والله ئەها ئەمن جارەکی کڕین و فرۆشتنم لەگەر کردییه به خاوێنم نەدیتییه، غەشەکی لەمن کردییه، درۆیەکی لەگەر من کردییه، فلان شتی ئائەوەنده حیلەی لێ کردم، بەو نوقطه و بەو بوعدەی به هیچ نەوعەکی عەوام حوجەیان لەسەر پێغەمبەر نەمینێ.

له عەینی وەقتیش ئەوه کابرا له مستەوای ئەشراف و ئەثریاء و ساسەو سەدەنەی قورەیشه، ئەگەر هاتوو فیعلەن ئەوها ئەمین بی لەگەر کابرای عەوام له کڕین و فرۆشتن له تیجارەت، فه کەیفه ئەمانەتی رب العالمین تەحەمول ناکاو به ئەمانەتیش تەقدیم ناکا، لۆیێ هەر ئەبولەهەب و ئەبوجەهل و ئەبوسوفیان و دوژمنەکانی محمد ناویان له محمد نابوو الصادق الامین، چ مەشاکیلی ئیجتیماعیان هەبایه دەچوونه کنەوی.

فتنه هەبایه، موشکیلەکی گەوره روویدایه لەناو مەککه قیچەك مایه خین برژێ هەتا چۆکان بێ ئەویش چییه؟ بەیت باران لافاو هات بەیتی تێکدا حجر الاسود کەته عاردی، ئێستا بەیت دیسان بینا

کرایەوە حجر الاسود دەبی بچتە جێی خۆی، عەڕەب زوعەمای عەڕەب هەموو شەڕیانە لۆوەی هەریەکە شەڕەفی هەرگرتنی (حجر الاسود)ی هەبی و لە جێی خۆی دابنێ، بەکێ حەل بوو ئەو موشکیلەیە؟ بە محمد، کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم عومری پازدە ساڵ بوو هاتە ژووری لۆ ناو بەیت قالو جاء الصادق، جاء محمد الامین، یەعنی هەموو بە ڕاحەتی قەلب قبولی حەکەمییەتی (محمد)یان کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حوکمی لۆ دان.

ئەوە هەموو رب العالمین ئیعدادی مەککەیی کردییە، نەك ئیعدادی پێغەمبەری، مەککەیی هەمووی تەحضیر دەرکرێن ئیعداد دەکرێن لەبۆ تەحەمولی بەس یەك کەلیمەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەویش برێ بابە ئەمن بویمە پێغەمبەر بوویمە وەسیط بەینی عارد و عاسمان، لە (الله)وە شتم لۆ دێ بەس تەبلیغتان بکەم تەقدیمتان کەم.

ئەوە محمد بەو نەوعەی کە ئیعلان دەکرێ و ئیعلام دەکرێ هەر نەفسی مستەوا و مەقامی بمینێ، جەمعەکی گچکە لە گەریتی لە سی صەحابە هەتا حەفتا صەحابە، ئەو (محمد)ەیە هەر بەو طەریقەیەی ئیحتیکاکی لەگەر وانە هەیە، شەوێ دە سەعات بە رۆژیش چەند سەعاتەکی زۆر کیلۆمەترەك زیاتر لە دوری مەککە ئەویش دار الارقم، هەمووی کوشەن دادەنشین بەس تەذکیر و ذکر و تەسبیحی (رب العالمین)ە ئایاتی رب العالمین دێتە خوارێ موباشیر لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر لەبۆ وان تەحویل دەکا ئەوانیش لەناو داخیلی خۆیان ممارەسە و تەعامولی لەگەر دەکەن، لۆوەی فیعلەن حالەتەکیان تێدا دروست ببی ئیستیعدادات وەربگرن، کو محمد ئیعداد دەکرێ لەبۆ نبووەت و ریسالەت ئەوانیش ئیستیعدادات وەربگرن لەبۆ تەحەمولی ئەمانەتی تەبلیغ و تەفهیمی ئائەو دینەی لەبۆ غەیری خۆیان.

ئیذەن ئەبوبەکر عوثمان طەڵحە زوبیر ئەوانە هەمووی بە نەفسی ممارەسەی محمد لە دار الارقم بە نەفسی موختەبەرات و بە نەفسی حالەتی ئیمانی محمد کە پێدا دەڕوا ئەوانیش پێدا دەڕۆیشتن، لۆوەی فیعلەن موهیممەی محمد صلی الله علیه وسلم فیعلەن بەس تەوصیلە لە (الله)وە لەبۆ ئینسان، ئەوان هەرچەندە ئەو خەتەشیان نەبی لە بەینی (الله) و بەینی خۆیان، ئەمما بەینی محمد و بەینی خۆیان مەوجودە، قەناعەتی یاخود ئیمانی حەقیقی ملیۆن لە سەدی بەو (محمد)ەیان هەیە.

ئیذەن نەفسی مەسئولییەت لەسەر شانیان دەبی لەبۆ نەشری ئەو دینەی، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر ئائەو مەجموعە صەحابە دە ساڵی ڕەبەق مەشغول بووە، دە ساڵی ڕەبەق بینائیانی کردییە، قەلبیانی ذەڕە ذەڕە دروست کردییە، لۆوەی فیعلەن زەمینە لەناو قەلبی ئەو صەحابانە، کو قەلبی خۆی بینا کرا سێ جار عەمەلیات کرا دەرهات، ئەو قەلبە چووە ناو بن دەستی جبریل و میکائیل خاص بە ئیشعاعاتی ڕەببانی بە موختەبەڕاتی خاص تەدوین کرا، پاشان ئیعادە کراوە ئێستا

دەبی محمد صەحابە صەحابە وەربگری نەفسی عەمەلیاتیان لەسەر بکا، حەتمەن صەحابەش وەکو محمد نییە، صەحابەش نەکەوتە بن دەستی جبریلی.
ئیذەن دەبی جوهدو زەمەن لێرە صەرف بکرێ لەبۆ ئیعدادی قولوبی وانە، لۆیێ دە ساڵی ڕەبەق پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەس حەفتا صەحابەی دروست کرد، ئەمما تانی بەسێ مانگان دەولەت تەشکیل بکا، ئائەوە دەلیل نییە فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیمکانییەتی دروست کردنی دەولەتی نەبووە لەناو مەککە نەء، دیارە ئیعدادی ڕیجال ئیعدادی موئمینین جوهد و زەمەنی دەوێ، لەسەر ئائەو مەنهەجەی کە لەبۆیان دەهاتە خوارێ تیباعەن بە ئیستیرسال، ئیذەن ئەوجەمعە صەحابەش هەر چەندە کەمن لەگەر محمد ئەمما فیئەی دی لە کەفەرە زۆرن مەوجودن ذەکینە ئاقرن، ئەمما ئایا ذەکاء و عەقریان لە خۆیانە؟ لە دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد نەخێر لە شەیطانەوەیە شەیطان موباشیر ئیتصالی لەگەر ئائەو شخوصانە هەبوو.
لە دەرسی پێشترێ بەحسمان کرد رب العالمین بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەفەرمی: (ولا تطع کل حلاف مهین) لە سوڕەتی قلم، (هماز مشاء بنمیم مناع للخیر معتد أثیم) (سورةالقلم١٠- ١٢)، گوتمان خەت لەبن کەلیمەی (أثیم) لە سوڕەتی، لە سوڕەتەکیتکە بەحسی ئەوەی دەکا (تنزل الشیاطین) (سورةالشعراء ٢٢١)، کو جبریل نزولی دەکا کو جبریل وەحی دەینی شەیطانیش ئەوها تەنەزول دەکا، وە عەینی وەکی کەلیمەی جوبریل کو جوبریل کەلیمەی وەحی هینایە لەبۆ پێغەمبەری، عەینی ئەوها شەیاطینیش وەحیان هەیە لەبۆ ئەولیائی خۆیان، (وإن الشیاطین لیوحون إلی أولیآئهم) (سورةالآنعام١٢١)، شەیطان وەحی هەیە، شەیطان پێغەمبەری هەیە، شەیطان نزول دەکا وەکو جوبریل.
(تنزل الشیاطین) (علی کل أفاك أثیم) (الشعراء٢٢٢)، خەت لەبن کەلیمەی (أثیم)، ئەثیمی سابق لە سوڕەتی قەلەم لەبۆ وەلید بن موغیرەی هاتییە، وەلیدی کوڕی موغیرە عیملاقەك بوو لە عیملاقەکانی قوڕەیش، زۆر عەجیب بوو زۆر فەنان و موبتەکیر بوو لەبۆ موحاڕەبەی پێغەمبەر و دینی خوای جل جلالە، باشە ئەو عەقلە ئەو ئیبتیکارە لە کێ دەهات؟ کە ئێستا بینین دیراسەی بکەی عەقلی ئەو کابرایەی هەر زۆر ڕەهیبە، هەتا لە ئعجوبەی ئەوەی رب العالمین حالەتی ظاهیری ئەو ئینسانەی کە کو فکر دەکا، کە کو تەصەوڕ دەکا، کە کو تەخەیول دەکا، ئەو تەصەوڕات و ئەو فکر و تەخەیولە کو دەینتە واقیع.
ئەها دەفەرمی: (فکر) لەگەر ویتی، (إنه فکر وقدر ثم نظر ثم عبس وبسر ثم أدبر واستکبر قال إن هذا إلا سحر یؤثر) (سورةالمدثر١٨-٢٤)، ئەوە هەموو حالاتی ئەها کو ئینسانەك مشەوەش دەبی، ئینسانەك زۆر ئینتیزاری قەضییەکی زۆر گەورە دەکا یان خەبەرەکی زۆر ضەخمی لەبۆ بێ حالەی

نەفسی ئیرباکە، دێ و دەچی تەفکیر دەکا، دەم و چاوی هەموو بە یەك دادێ، رب العالمين دیکۆری دەم و چاوی ولید بن موغیرەی لە حالەتی ئەثنای شەیطان دێتە خوارێ لەسەری وەحی لەبۆ دەینی، لەبۆ مە نەقل دەکا (هل أنبئكم على من تنزل الشياطين) (سورةالشعراء٢٢١)، ئەو کەلیمەی ئەثیمە لێرە موطابیقە لەگەر کەلیمەی ئەثیمی: (ولا تطع كل حلاف مهين هماز مشاء بنميم مناع للخير معتد أثيم) (سورةالقلم١٠- ١٢)، نەفسی شەخصە: (هل أنبئكم على من تنزل الشياطين تنزل على كل أفاك أثيم) (سورةالشعراء٢٢٢).

ئیذەن شەیطان دەولەتی هەیە، شەیطان وەحی هەیە، نزولیش دەکا ئەو وەحییە وە ئینسانی هەیە وزەڕاء وفقی ئائەو وزەڕایانە شەیطان ئیش دەکا، شەیطان میثالی شەیطانی بە نیسبەت بەشەر ئولعوبە هەیە، دومیەی پێ دەرێن لە تەلەفزیۆن لە جێیان ئیشی پێ دەکەن، بووکە شووشەیە لە پلاستیك دروست کرایە بەشەر پەنجەی لەناو دەنێ و حەڕەکەی پێ دەکا، کە بەشەر بە پەنجەی خۆی حەڕەکەی دەکا، دوومیەکە لێرە بووکە شووشەکە حەڕەکە دەکا، گەمەی دەکا، خۆی دەستی بەشەرەکەیە گەمەی بە بووکەکەی دەکا، شەیاطینیش شەیاطینی جن ئەوها گەمە بە ئینسان دەکا، لۆیێ رب العالمين لە سوڕەتی ناس کە ئیستیعاذە دەکرێ سێ جار (ملك الناس اله الناس رب الناس) بالنهایە لە چ؟ (من الجنة و الناس).

جن ئەوها وەحی دەینتە خوارێ، شەیاطین نزول دەکا لەسەر ئائەو عەناصڕانەی کە دوژمنی دینن، لۆیێ موخەتەطاتی ئەوڕۆشت موخەتەطاتی ئەو زەمانیش لێك موقاریب بکە، ئی شەیاطین ئەو زەمانی نەفسی خەریتەیە نەفسی ئوسلوبە، بەس هی ئەوڕۆ ئەجهیزە موتەقەدیمە، ئەو زەمانیش ولید بن موغیرە و ئەبولەهەب و ئەبوجەهل دائیرەی ئەمنیان هەبووە، تەقریر نووسیان هەبووە، ئەمما چ بووە؟ فیعلەن نەیانتانییە ئەجهیزەی تەنەسوط و ئیلتیقاطات و شتی وایان هەبی یان ئەجهیزەی تەسجیل ئینسان قسان بکا فیعلەن لێی نەقل بکرێ، یان تەصویر ئەوانەیان نەبووە ئەمما نەفسی حال نەفسی مەوضوع.

دێینە سەر مەوضوع، پێغەمبەر و مەجموعە صەحابەکی کەم وە کوفرەك ضەخم، شەریحەك ضەخم ساحێب پارە و ئیمکانییات، ساحێب شوڕطە و ئەمن لەگەر شەیطان ئیتیصالی هەیە، شەیطان خەریتەی لەبۆ دەینتە خوارێ نەصیحەتی دەکا، ئەوها بکە و ئەوها بکە، (بالمقابل)یش پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، بابزانین پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کو تەعامول دەکا، ئەگەر هات فیعلەن زەمەن أشهر الحرم مەوجود بووبی لەناو بەیت، وە مەککە مەقامی دینی و مەنطیقەکی حوڕ بی لەبۆ ئیعلانی مەفاهیمی ئینسانی، وە شەخصییەی پێغەمبەریش بەو نەوعەی بی، مەقامی ئیجتیماعی و ئیقتیصادی

پێغەبەری بەو نەوعەی بی، دەبی پێغەمبەر چەند حوسنی ئیستیفادەی لە ئەثنای ئیحتیکاك، چەند حوسنی ئیستیفادەی کردبی لەو هەموو شتانە.

لۆیێ تەمەشاکەن صلی الله علیه وسلم زۆر لەوان ئاقل تر بووە، زۆر لەوان زیرەك تر بووە، ئەگەر ئەوان عاقل و زیرەك بووبن، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم زۆر دەقیق بووە، هەرچی قووەت هەبووە لە موقابیل مەحاوەلەی کردییە ماددی وە مەعنەوی لۆ خۆی سەحب کا، وە هەرچی تەضعیف هەبووبی ماددی و مەعنەوی مەحاوەلەی کردییە لێیان ئیثبات کا، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وفقی ئەو خەریتەیەی ئیشی کردییە.

ئەوجە قووەی ئیجتیماعی قەرابەت مەثەلەن: ئەوە ئەبو طاڵبە ئەوە خزمەکانیتی ئەوە بەنو عەموومەیتی، هەمووی ئەوانە خزمینە، عەرەب لەناو داخیلی خۆی قەوانینی هەیە، ناهێلی کەس لە مندارەکانی لە نەوەکانی خۆی ئەزیەت بدرێن، ئەگەر لە بەینی خۆشیان مەشاکیل هەبی بەس قەبیلەکیتکە بێ نەفەرەکی وان ئەزیەت بدا، ئەو قەبیلەیە هەمووی حالە طەوارىء ئیعلان دەکا، هەمووی خۆی موسلەح دەکا دەچیتە ناو دەبابە و مودەڕەعەی، مواجەهەی ئائەو قەبیلەی موقابیل بکا.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حوسنی ئیستیفادە لەو مەنطقەی وەردەرگری، لۆیێ حەتتا ئەخیر نەفەسی ئەبو طالیب کە دەرچوو هەر ئیستیفادەی لێ کرد، علیمەن ئەبو طالیب کافر بوو هەتا ئەخیر نەفەسی ئەبو طالیب، ئەوجە لۆ خۆی لۆ ذاتی ئەبو طالیب مەحاوەلە یاخود ئائەو علاقە مەعنەویەی ئیجتیماعی بەینی ئەبو طالیب لەگەر محمد کە محمد حوسنی ئیستیفادەی لێ بکا، ئەوجە بەو نەوعەی دوائیر سەبر سەبر گەورە دەبوو، ئەبەو نەوعەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیشی کردییە.

لە عەینی وەقت لەگەر عەناصیریتکە، مەثەلەن کابرا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تاجیر بووە، کابرایەکیش تاجیر بووە وەختی خۆی تەعامولی لەگەر پێغەمبەری هەبووە صلی الله علیه وسلم، کە لە تیجارەت ئیستیفادەی لە پێغەمبەری کردییە صلی الله علیه وسلم پێغەمبەر ئائەو مەقامەی هەر بەجێ هێشتییە لەبۆی، ئەویش بە نیسبەت ئەوەی ئیستیفادەی لە پێغەمبەری کردییە قەت بە مەکشوفی مواجەهەی پێغەمبەری نەکردییە، ئائەو کە بە مەکشوفی مواجەهەی پێغەمبەر ناکا، پێغەمبەر حوسنی ئیستیفادەی لێ کردییە لەو جەوانییانە.

ئەوە هەمووی صیغەی تەعامولی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر ئائەو وەسەطەی تێیدا دەژی، موئمینین ئایات دێتە خوارێ دەبی مومارەسە بکرێ، مومارەسە زەمەنی دەوێ، جوهدی دەوێ، جێیەکی خاصی دەوێ، جێیەك غربە غرب و ضەوضاو فەوضاو پاپە پیپ [مەبەستی هۆڕنی سەیارەیە] و مەشاکیل و فیتەن نەبی، ئینسانەکە موتەفەریغ بی، یەکسەر لەوێ صەحابەکەی قەطع دەکرد دەینارده دار الارقم، برۆ لەوێ بمینێ ئەتوو لەوێ دەما، ئەوە لەوێ وەکو مەعهەدەك وەکو

کولییەك قسمی داخیلیشە، نایەتە دەرێ ناش نوویی (قم اللیل إلا قلیلا) (سورةالمزمل۲) ئائەوەی لەسەر تەطبیق دەکرێ.

لۆ؟ فیعلەن ئائەو داخیلە هەمووی هەرچی مەفاهیمی و مەبادیئی ئیسلامە تێیدا تەئصیل بکرێ، ئەگەر ئائەو مەفاهیمانەش هەمووی کوشن نەهاتبتە خوارێ ئەمما چەکمەجاتی لۆ دروست دەکرێ، زەمینەی لەبۆ دروست دەکرێ، کە هات مەفاهیمەکان و ئەوامیر یەکسەر بچتە نەفسی جێی چەکمەجەی خۆی، یەکسەر تەحویل بکرێ لەبۆ واقیع بە صیغەی ئەوامیر وەرگرتن و دروست کردنی ئیمان لە قەلب تەحویل کردن لەبۆ واقیع بەو صیغەی کە پێشی چار دەرسان بەحثمان کرد، چار دەرس مەوضوعی قانونی وەرگرتنی ئیمان بوو، پاشان تەحویلی ئەو ئیمانەی دەرسی پێشترێ بەحثمان کرد لەبۆ واقیع، ئائەوە هەمووی کوشن صییەغی تەعامولی پێغەمبەر لەگەر صاحابە، صییەغی تەعامولی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەر کەلیمەی الناس.

مەثەلەن دەورەمەندەکان تەمەشا دەکەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دێ رادەوەستی لەناو بەیت نوێژ دەکا، باشە ئەو نوێژەی پێغەمبەری لەگەر نوێژی وان فەرقی هەیە؟ رب العالمین خۆی دەفەرمی: (ما کان صلاتهم عند البیت إلا مکاء وتصدیة) (سورةلأنفال ۳۵)، نوێژی قورەیشیەکان نوێژیان دەکرد لەناو بەیت، نوێژیان دەکرد لەناو بەیت، (وما کانت صلاتهم) بە چ؟ نەوعە چەپرە لێدانەك و فیت فیتە لێدان بوو، ئەوە نوێژیان بوو، ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نوێژەکیتکە دەکا، ئەبوسفیان و ئائەو وەلید و ئەوانە هەمووی زوعەمای گەورە مولاحەضەی ئەو حالەتەی دەکەن، باشە ئەعراب لە بادییە و لە صەحراو لەوانە دێ تەماشای حالەتەی پێغەمبەر دەکا، لۆ ئەوە وەکی وان نوێژێ ناکا؟ حالەتی ئیستیفهام لە مێشکی کابرای دروست دەبی.

لۆیێ فەترەی یەکەمی دەعوە بەینی نبووەت و بەینی ڕیسالە زۆر جار هاتینە کن پێغەمبەری گوتیان: ئەرێ ئەوە چ دەکەی ئەتوو؟ گۆتیتی: نوێژێ دەکەم، ئەوان هاتینە لە پێغەمبەری بپرسن، لۆیێ دەرسی پێشترێ گوتمان لە فەترەی نبووەت پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە دەرکەی کەسی نەدایە، یەقەی کەسی نەگرتییە وەرە دانیشە فێرە ئیسلامت کەم، ئەوان هاتینە موفاتەحەی پێغەمبەریان کردییە، بەعزەك هاتینە لە دەرێ لە خاریخی مەککە ئەرێ بەحثت دەکەن، دەرێن ئەتوو دەرێی لە ئاسمانێرا خەبەرت لۆدێ وەیە یان نا؟ ئەویش گۆتیتی بەرێ وەرە و ئیثبات کەم لۆت کابرا ئیمانی پێ هینایە.

یاخود دیتیتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەناو مەککە نوێژێ دەکا، یان دانیشتییە نەوعە ذکری خاص دەکا، نەوعە موناجاتی خاص دەکا، نەوعە تەسبیحی خاص دەکا، یەکسەر کابرای عەرەب هاتییە پرسیتی یان مەککەیی خۆیان لە عەوامەکان ئەو دوکاندارە ئەوە فولانە قەصابە نەجارە حەدادە

هاتییە پرسیتی با ئیمانیش نەینی، ئیذەن مەوضوعی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم سەبر سەبر نەشر بوو، محمد بوویتە نەبی وە ئیدیعای ئەوەی دەکا نبووەتی لەبۆ دێ، عیلاقەی لەگەر ئاسمان هەیە، شەخصەك هەیە ناوی جبریلە وەحی لۆ دینتە خوارێ، ئائەو حالەتە لە ناو مەککەی سەبر سەبر نەشر بوو.

ئەوجە مەوقیفی زوعەماء حالەتی موتەڕەصیدە، باشە ئائەو ئەعڕابانە هاتن لە دەوری بەیت سوڕان ئەعڕابی خاریجی مەککە نارێن بابە ئەو (محمد)ە لۆ ئەوها نوێژێ دەکا؟، ئەبوسفیان، دەبی ئەبوسفیان جەوابی هەبی، جەوابی نییە، باشە ئەو(محمد)ە هەتا دونێ و پێرێ تاجیرەکی مەرموق بوو، کابرایەکی زیرەك بوو لۆ ئەو حالەتەی بەسەرداهاتییە؟ جەوابیان نییە، باشە لۆ گەورە عوضەمایەکانی مەککە کوڕەکانیان بەدوی کەتینە و ئیمانیان پێی هینایە؟ هەر جەوابیان نییە لۆیێ سەبر سەبر تەخەوفی زوعەمای قوڕەیش زیاتر دەبوو.

کە ئەو حالەتە دروست بوو ئەوجە رب العالمین داخیلی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم زیاتر برند دەکا لەبۆ حالەتی ڕیسالە، ئەوامر دێتە خوارێ، داخیلی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم برندتر دەبی لەبۆ ئیمان، رب العالمین زیاتر مەفاهیمی دینتە خوارێ، مەفاهیمەکان بگاتە ئەو مستەوایەی فیعلەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە ئەثنای ئیحتیکاکی لەگەر قوڕەیش و زوعەماء ئەخطائیان ببینی و ئەخطائەکانیان تیعداد کا یەك یەك.

لۆیێ سوڕەتی قەلەم سوڕەتی موزەمیل سوڕەتی تەکویر سوڕەتی مەسد، ئائەوانە هەمووی کوشن لە فەترەی یەکەمی نبووەت و فەترەی نبووەت و فەترەی یەکەمی ڕیسالەتن، ئەوانە هەمووی بەحثی نوقاطی ضوعفی هەموو قوڕەیش دەکەن.

مەثەلەن: (وأما من بخل واستغنى وكذب بالحسنى فسنيسره للعسرى) (سورةالليل١٠)، بوخل ئەوەکی سەبەبەکی زۆر مورتەکەز بوو لەناو گەورە دەورەمەندەکانی قوڕەیش، لۆیێ طەبەقاتی موجتەمەع زۆر فەقیر بوون دەستیان کورت بوو، ئەوان زۆریان هەبوو یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەوان دەدا بە چ؟ لە داخیلی پێغەمبەر نییە قەضییە رب العالمین ئەو حالەتەی دروست دەکا لەبۆ پێغەمبەر، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەناو ئایەتی قورئان بەحسیان کە، حەتمەن ئەو مەقاطیعانە دەگاتە قوڕەیش.

یاخود: (بل لا تكرمون اليتيم) (سورةالفجر١٧) (وتحبون المال حبا جما) (سورةالفجر٢٠)، ئائەو ئایەتە ئینتیقادیانە، قطعە قطعە لە سووەڕی مەککی فەترەی بیدائی زۆرە، إن شاءالله ئەنگۆ خۆتان موڕاجەعەی بکەن، ئەوە هەمووی کە دێتە خوارێ لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەر

ئائەوانە تەقدیم دەکا لەبۆ صەحابە، صەحابە ئائەوەی بینا دەکا لە داخیلی خۆی نەشر دەبی سەبر سەبر.

ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە فەترەی یەکەم ئینتیقادی زوعەماء و عوظەمائی قورەیش، حەتمەن ئائەو مەوضوعانە مەناشیرانە توزیع دەبی لەسەر زوعەماء، زوعەماء تەخەووفی لەبۆ دروست دەبی، باشە مەوقیفی (محمد)ی بەو نەوعەی بڕوا موستەقبەلی چی لێ دێ؟ ئەبەو نەوعەی ئینتیزار کەین، ئەمە برێین موحتەمەلە وەکو قس بن ساعدة و ئەوانیتکە پێشی پیغەمبەری صلی الله علیه وسلم کە ئەوانە هەموو ئەحناف بوون، وەکی محمد دەهاتنە ناو بەیت هجومیان دەکردە سەر شیرك، هجومیان دەکردە سەر ڕیبا، هجومیان دەکردە سەر فاحیشە و خەمر، ئەمما پاشان مرد و مردن و رۆیشتن، (محەمەد)یش ئینتیزار کەین وەی لێبێ، سەبر سەبر تەخەووفی قورەیش زیاد دەبوو.

ئیذەن مەسئولییەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لێرە زیاتر دەبی کە تەخەووف دروست دەبی لە قورەیش، دەبی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەحاوەلەی بکا ئائەو تەخەوفەی تەئمین کا، لۆوەی شەڕارەی تەفجیر دروست بوونی مەشاکیل ئیحتیکاکی سلبی دروست نەبی لە بەینی پێغەمبەر و سی صەحابە، ئەگەر ئەو حالەتە زوو دروست ببی موحتەمەلە مواجەهە زوو دروست ببی، مواجەهە تەصعید بکرێ بگاتە حەددی مناوەشە و موشاداتی بەدەنی، ئائەو سی نەفەرە زۆر بە سەهلی و ساناى ئیحتیمالە لەناو ببردرێ، هەمووی تذبیح بکرێ، چونکی مەقامیان مەوجودە جێیان دار الارقم، رەمزشیان لەناو بەیت مەوجوودە، سەهلە لەناو بردنیان، لۆیێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی زەمەنی مواجەهە زەمەنی ئیحتیکاکی سلبی تەبطیئە بکا.

باشە ئەوان رب العالمین ئەوامیری لۆ دینتە خوارێ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەوامرەکان نەشر دەکا، ئەو مەنشوراتانە دەگاتە زوعەماء، باشە ئەوان مەوقیفیان چییە؟ حەتمەن ئەوانیش مەناشیر دەردەینن لەبۆ قەواعیدی خۆیان لەبۆ عامەی خۆیان، بابە ئاگاتان لێبی قەضییەکی ئەوها هەیە محمد موحتەمەلە شێت بووبی، نەشر کەن محمد شێت بووە، لۆیێ رب العالمین دیفاعی لێ دەکا، (ما أنت بنعمة ربك بمجنون) (سورةالقلم٢)، محمد لەناو مەککە نەشر بوو کە شێتە، کێ دیفاعی لێ دەکا؟ رب العالمین، ئەوە ناخوا ئەو فەترەك زەمەنی تەمەشا دەکەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم شێت نییە، باشە کە گۆتیان شێتە شێت دەبی سیفاتی خاصی خۆی هەبی، کە ئەو سیفەتانەی تێدانییە باشە کو پێی برێین شێتە؟ فەترەکی زەمەنی ئائەو دیعایە تەحەمولی محمد دەکا.

پاشان کە ئیحتیکاك دەکا پێغەمبەر لە قیممەی عەقل قسان دەکا، ئیذەن شێت نییە، ئەوە ئێکسپایەر دەبی ئەو دیعایە دەفەوتێ، دەبی دیعایەکیتکە دروست بکرێ، باشە ئەو جارە چ برێین؟ برێین ساحر،

طەبعەن ئائەو کەلیمەیە هەمووی لەبنڕا دەکرێ، قوڕەیش لە بنڕا دەکا، ئەو مەوضوعانە عیلمەن خۆشی پشاندەدات کە ئینسانی زۆر چاکن، ئینسانی زۆر هادیئن ئیحتیڕام و تەقدیری رەئی موقابیل دەکەن، هەتا دەگاتە ئەو حەددەی کە فیعلەن مواجەهەی موباشیڕ دروست دەبی لەگەر مەصالحیان، مەصالحی ماددی پاشان مەصالحی مەعنەوی، ئەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە نسبەت قوڕەیش.

باشە ئەدی داخیلی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی چ بکا؟ خۆی لەگەر وانەیە لەگەر وانە دەژی، خواردنی ئی وانەیە، ئاوی ئی وانەیە، بازاڕی ئی وانەیە، ماڵی ئی وانەیە، گەڕەکی وانە، هەمووی لەگەر وانەیە چ بکا؟ رب العالمین قواعید لەبۆ ویش دادەنێ کە کو تەعامولیان لەگە بکا، ئەویش هەر لە سوڕەتی إقرأ و قەلەم و علق و مزمل قەواعیدی لەبۆ دێتە خوارێ.

یەك لەوانە مەثەلەن (ولاتطع)، نابی ئیطاعە بکا، ئیذەن هەتا ئێستا پێغەمبەر لەگەر وان ئەخذ و عطائەك هەیە تەفاهومەك هەیە، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە بەعزە ئمور بەگێیان دەکا، نەصیحەتی پێغەمبەر دەکەن بەگێیان دەکا، لە مەوپاش نابی پێغەمبەر بەگێیان بکا، (ولاتطع) باشە (ولاتطع) کێ؟ دەبی مواصەفاتی هەبی: (ولا تطع کل حلاف مهین هماز مشاء بنمیم) (سورةالقلم١٠-١١)، ئائەوانە هەمووی موصطەلەحی عامە، بەس لە وەلید ئەو سیفەتانە هەبوو؟ نەء لە غەیریش هەبوو، ئەو حەفت هەشت سیفەتە.

ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی لە مێشکی لەمەوپاش قائیمە دابنێ، ئیطاعەی ئائەو ئەشخاصانە نەکا لە هیچ بوعدەك، یاخود پێی دەگوترێ: (فلا تطع المکذبین) (سورة القلم ٨)) لەگەر موکەذیبەکان لە مەوپاش ئیطاعەت نەبی، موکەذیب کێیە؟ ئائەوانەی کە فیعلەن بەینی خۆیان و بەینی موجتەمەع مەکشوفە درۆیان، یان بەینی خۆیان و بەینی رب العالمین درۆیێ دەکەن.

ئەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەر ذاتی پێغەمبەر کە ئەو ئایەتانە لەسەر ذاتی پێغەمبەر تەحویل دەکا لەبۆ صەحابە، بەو نەعەی ئیحتیکاکی دەکرد، ئەوەش حالی قوڕەیش ئەوە صیفاتی قوڕەیش، قوڕەیشیش بەو نەوعەی تەحاکوم و مەشاکیل و فیتەن دروست دەکا، باشە ئەدی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خۆی داخیلی خۆی کو بی؟ رب العالمین قەواعیدی لەبۆ دادەنێ؟ یەك ذەخیرەی هەیە، یەك ماددە هەیە لەبۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، بەس ئائەوەش یەك حەبی هەیە و عیلاجی هەیە، بەس ئەوەش عیلاجی پێغەمبەرە ئەویش صبر، لۆیێ هەر دیسان لە سوڕەتی قەلەم و عەلەق و موزەمیل هەر لە بیدایەتڕا بەحسی صەبری لەگەر دەکرێ.

کە رب العالمین دەفەرمی لە سوڕەتی قەلەم: (فاصبر لحکم ربك ولا تکن کصاحب الحوت) (سورةالقلم ٤٨)، (صاحب الحوت) کێ بوو؟ حەزرەتی یونس، حەزرەتی یونس پێغەمبەر بوو

موجتەمەعی ئەزیەتیاندا تەحەمولی نەکرد چی کرد؟ هەرات لەو موصلەی بوو، هەڵات مەملەکەتی بەجێ هێشت باشە رب العالمین لێی قبول دەکا؟ نەخێر لۆ؟ چونکی مۆضەفە وەضیفەی ئەوەیە لەوێ بمینێ، مۆضەف هەتا ئیجازە تەقدیم نەکا رەئیسی مەسئولی ئیجازەی نەداتێ نابی حەرەکە بکا لەجێی خۆی، باشە ئەوە رب العالمین مەسئولیتی یسئل عنه، کو بەبێ مەسئول لۆیە رب العالمین بە محمد دەلێ: (ولا تکن کصاحب الحوت)، (ولا تکن) وەکی وی مەبە، باشە چ بکەی ئەدی؟ ئەو چی کرد؟ ئەو صەبری نەگرت، ئەدی ئەتوو؟ (فاصبر)، باشە بە چ صەبر بگری؟ (لحکم ربك)، ئائەو حالەتەی یا محمد ئەتوو تێیدای الله حوکمی کردییە بە سەرت دەبی صەبر بکەی: (فاصبر لحکم ربك ولا تکن کصاحب الحوت إذ نادی وهو مکظوم) (سورةالقلم ٤٨).

لە سورەتەکیتکە دەفەرمی: (إذ أبق) (سورةالصافات١٤٠)، یونس (أبق) ئەو کەلیمەیە لە قورئان بەس لەو یەك جێیەی هاتییە کەلیمەکی زۆر قورسە، یان دەفەرمی لە سورەتی موزەمیل: (واصبر علی ما یقولون) (سورةالمزمل ١٠)، صەبر بەس ئەو زادەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە قەلبی پێی شەحن دەبی، دەبی صەبر ئەگەر نەمینێ دروست کا، (واصطبر لعبادته) (سورةمریم٦٥)، ئیصطیناعە ئەوە، پێی دەرێن کەلیمە ئیصطیناعییە، یەعنی کە صەبر ئەوەندە صەبر دەکا ئەوەندە صەبر دەکا صەبر نامینێ باشە چ بکا؟ نەء راوەستە ئەو جارە خۆت صەبر دروست کە لە داخیلی خۆت، ئەها ئەو کەلیمەیە هەیە دەرێ للصبر حدود، کابرا حەدی نەما دەبی مواجەهە بکا، ئەمما نابی مواجەهە بکا رب العالمین حوکمی لەسەر کردییە دەبی صەبر بکا، لۆیێ ئەگەر صەبریش نەما، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی خۆی لۆ خۆی جیهازەك دروست کا صەبری لەبۆ ئینتاج کا ئەو جیهازە.

(واصبر علی ما یقولون) دیارە زۆریان گۆتییە بە پێغەمبەر، ئەوجە موحتەمەلە عەن طەریقی موباشیر یاخود عەن طەریقی غێر موباشیر وە دەفەرمی: (واهجرهم هجرا جمیلا) (سورةالمزمل١٠)، مەثەلەن ئەبولەهەبە وەلیدە فەترەك زۆر قسان دەکا قسەی قاسی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئائەو فەترەیەی وازی لێ دەینی، بەجێی دێلی نەك قەطعیکا، نەك تەکفیریکا و تەهجیمیکا و تەفسیقیکا و ئەنواع و ئەشکال ئیعلاناتی لەبۆ دەربینی، هەجری جەمیل ئائەوەیە: ئەووەلەن دەبی جەمیل ئەثەر بمینێ خیوط بمینێ لە بەینی هۆردووك، هۆردوو طەرەف پاشانیش سبەی دوزبەی دەبی بگەرێتەوە سەری موراجەعەی بکا سەر لەنوێ، چونکی ئائەو وەلید و ئەبولەهەب و فلان و عەلان و تەلان و زەید و عوبێد ئائەوانە ماددەی دەعوەی پێغەمبەرینە، باشە لەوەی کوتی لەوەیدا لە فلانی کوشت لە فلانی ئەوە کرد، باشە ئەدی کێ دەمینێ؟ (واصبر علی مایقولون واهجرهم) ئەی هەجری موەقەت، یەعنی ئیجازەی بدێ، با ئەو دە پازدە رۆژەی کابرا

هەتا بە خۆ دێتەوە قیچەك ئەدەب دروست دەكا، قیچەك ئەخلاقی لۆ ئیعادە دەبتەوە، پاشان دیسان بڕۆ سەری موراجەعە بکەوە ئەمما بە ئوسلوبەکی دی ئەو جارە، (واهجرهم هجرا جمیلا) ئەوە قوڕەیش.

با بێین پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داخیلی خۆی عەن طەڕیقی ئەبوبەکر و صەحابە چیتکەی دەکرد، ئائەو دە صەحابییە کو زیاد بوون، هەموو حەفتەی جارەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لیقائی عامی لەگەر صەحابەی هەیە، لەبۆ موراجەعەی هەموو ئوموری ناو مەککە، لیقائی خاصیشی لەگەر ئەبوبەکر هەموو ئێواران ئەبوبەکریش پێنچ شەش دەرسی پێش ئێستا گوتمان ئەبوبەکر جێی مەلەفاتی پێغەمبەری بوو، نەسابەی قوڕەیش ئەبوبەکر بوو، هەرچی نەفەری ناو مەککەی بوو هەموو مەلەفی هەبوو لە مێشکی ئەبوبەکر، مەلەفیان هەبوو قل قل، ئەوجە هەموو ئێواران پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دادەنیشی ئەبوبەکر لە خزمەتیتی، دەیگۆ دەی دەربینە مەلەفەکان تەمەشا کەین بزانین کێیتکە مایە؟ کێیتکە دەعوەی تەقدیم بکەی یەکسەر دێ تەلەکوە ناکا، شۆرت دروست نابی لە مێشکی سین و جیم دروست ناکا، فیتنەمان لەبۆ دروست ناکا، ئەبوبەکریش قل قل مەلەفەکانی دەردەهینا.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەمەشای قەوائیمی دەکرد، ئەو فیعلەن ئەوەیە و ئەوە فلانە و فلانە و فلانە سیفاتی ئەو هەموو فلانەی چاکە، ئەوجە بڕۆ شت تەقدیمکە ئەبەو نەوعەی هەشت ساڵی ڕەبەق پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەعامولی کردییە، لۆیێ بێژینگەکی زۆر دەقیقی هەبوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبۆ ئیختیاری ریجال، لۆیێ بەس دوو صەحابی نەبی ئەویش نەك بە ئیختیاری پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم ئیننەما صەحابەکیتکە بە ئیجتیهادی خۆی ئیعلامی ئیسلامی لەبۆ کرد، کابرا بووە موسڵمان لە فەترەیتکە ئیستیرادادی کرد، نەخۆ ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بە خۆی ذاتی خۆی ئیختیاری کردبی هەموو بووینە عەمود ئیسلامیان لەسەر بینا کرایە.

هەموویان ئەو حەفتا صەحابییە وە ئەو حەفتا صەحابییەش نەقل بووینە لەبۆ مەدینە، وزەڕاء و موستەشارین و دەولەت لەوانە تەشکیل بووە، وە ئیسلام هەتا ئێستاش فکرەن و قناعەتەن وە دینەن لەسەر وانە بینا کرایە، لایزالیش ئێستا هەر ئەو حەفتا صەحابییە هەموو ئوممەی ئیسلامی مەدینن پێوەی ماتەبەقا رەعیلی دووەم و سێیەم و چارەمی صەحابەی حەتا لە مستەوای ئیمان و مستەوای وانەش نەبوینە.

ئائەو حالەتە بەو نەوعەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەسئولییەتی زیاتر دەبی، ئیحتیکاکی زیاتر دەبی، بە عومق داچوونی ناو صەحابە و ناو قوڕەیش و ناو مەسئولین و ئەوەی زیاتر دەبی، دەبی فیعلەن ئیعداد بکرێ، ئەوجە ئیعداد بکرێ لەبۆ مستەوایەکیتکە ئەویش ڕیسالەتە، ڕیسالەت

مەسئولییەتی عام دەبی ئەو جارە شامیل هەر کێی دیت دەبی تەبلیغی بکا، دەبی تەبشیری بکا یاخود تەنذیری بکا، ئەگەر مەڕاحیلی لەگەر قەطع کردبی.

ئەگەر خوا تەوفیق بدا حەفتەی دادێ عومرمان بمینێ لە خزمەتتان دەست پێ دەکەین بە فەترەی ڕیسالەتی محمد صلی الله علیه وسلم، بزانین ئەو فەرتەیە ئەو پێغەمبەرە نازدارە چی کردییە؟ وە کو فیعلەن دەعوەی تەقدیم کردییە؟ وە کو صەحابەی ڕاهینایە لەبۆ ئائەو دینە؟ ئەمەش ان شاءالله نەوەی وانین، بە نەفسی عەقلییە بە نەفسی صیغە بالأحری بە نەفسی قانونییەت دەبی تەعامول بکەین، دەبی جوهد صەڕف کەین لۆوەی فیعلەن نەفسی ثەمەرە و ئینتاجمان ببی، ئەگەر خۆمان فیعلەن وەکی وان بین وەکی وان نەبین ناتانین ئائەو خەریطەیە بەو نەوعەی تەحویل کەین لەبۆ واقیع وە نەفسی ثەمەراتمان هەبی.

خەلەل لەمەیە لە مەنهەج نییە، خەلەل لە ذاتی مەیە لە دین نییە، لە قورئان نییە، لە رسول الله نییە، خەلەل لە مەیە کە نە لە ریسالەکەی گەیشتینە نە فیعلەن ئائەوەی تێشگەیشتبین بە صەحیحی بە صەحیحی تەقدیممان کردبی لەبۆ غەیر.

خودا تەوفیق و تەرشید و تەصویبمان بکا إن شاءالله فیما یحبه ویرضاه، خودا ئائەو زەمینە و ئەو حالەتەمان تێدا دروست بکا، ببینە فەرخە صەحابییە گچکۆکە بتانین مەسئولییەتی خۆمان ئەدا بکەین لەناو موجتەمەعی خۆمان.

أقول قولی هذا واستغفر الله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما یصفون وسلام علی المرسلین و الحمدالله رب العالمین.

کێ سوئالی هەیە؟ ئیستیفساری هەیە؟ ئیقتیڕاحی هەیە؟ بەرێ:

(یەکێك): باسی ئەوەی دەکەی لە دار الارقم ابن الارقم ئەو ئیجتیماعە ئیشڕافی لەسەر دەکرد، ئایە ئەبو جەهل ئەبو لەهەب ئەوانی تر ئاگادارن بە هەبوونی ئەو خانییەیی؟

(مامۆستا): فەترەی یەکەم نەء بەعزە سیەرییین دەرێن هیچ ئاگایان لێ نەبووە، هەتا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بوویتە رسول و ئیدی دار الارقم کەشف دەبی.

(یەکێك): (فأغنی) مەعنای چییە؟

(مامۆستا): فأغنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم عائیلەن یەعنی فقیر موحتاج فأغنی یەعنی دەورمەندی کرد، بە چ دەورمەندی کرد؟ بە واسطەی تەزویجی خەدیجە بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خەدیجە ملیۆنێرە بوو.

(یەکێك) لە دارلارقم صەحابە نەهاتینە دەرێ یەعنی نەهاتینە ناو مەککەی ئەبەد؟

(مامۆستا): دەهاتن ئەمما فەتراتی زۆر نادیر و کەم بەس بەینی نوێژی عیشا و نوێژی سبەینێ، ئەمما ئیجازات دەدران دەچوونە ناو ماڵ و عەوائیلی خۆیان.

(یەکێك): ئەو صەحابە کێ بوو مورتەد بوو؟

(مامۆستا): مێردی ئەبو سەلەمە عبداللە لە حەبەشە ئیرتیدادی کرد حەزی لە کچەکی مەسیحی کرد.

(یەکێك): صەحابەکیش ناوی عبداللە بوو مورتەد بوو کوو مورتەد بوو؟ (مامۆستا): صەحابەکیتکەیە ئەویش پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە پاشی لە ئیسرا و میعراج هاتەوە ئیرتیدادی کرد هۆردووکیان بە ئیختیاری پێغەمبەر نەبوون،بەلێ بەلێ سوئال گیان.

(یەکێك): وەلیدی کوری موعین کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ی دەعوەت کرد گۆتی: وەرە نان بخۆ، ئەویش گۆتی: هەتا نەرێی لا اله الا الله نانی ناخۆم، ئەوە ئیسلام بوو یەعنی ئەویش لە شەرمان گوتی: لا اله الا الله پێغەمبەریش دانیشت نانی خوارد، بەس دوایێ هەر بەخۆی کە ئەبوجهل ئەوەی زانی گۆتی: ئیللا دەبی تفی لە دەم و چاوی پێغەمبەری بکەی نەکو وازت لێنایم، پاشان کابرا ئیرتیدادی کرد، چی کرد؟ ئیرتیدادی کرد لە ئیسلامیش هەر گەڕاوە تفی لە دەم و چاوی کرد و بەڵێ فیعلەن لە وەختی شەری بەدر گیرا و کوژرا لەوێ پێغەمبەر ئەسیرەکانی کەسی نەکوشت ئەو نەبی، یەعنی بەخۆی ئیمانیشی هینابوو بە خۆی هەر لۆ رەزامەندی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم جارەك هات ئیعتیزاری کرد

(مامۆستا): بەڵێ ئەوجە ئەوە بە قەناعەتی توو ئیمان هینانە؟ ئەو قەولە، (یەکێك): ئەمە بە ظاهیرەن وەربگرین.

(مامۆستا): حەتتا.

(یەکێك): یەعنی مونافقین بە زاهیر وەریانگرت.

(مامۆستا): ئەوجە دێینە سەر ئەوەی کەلیمەی قولوا لا اله إلا الله لە فەترەی یەکەم ئەوە ئیمان بووە؟ یان کەلیمەی قەول لە قورئان ئەمە دەبی بچین موڕاجەعەی بکەین، کە رب العالمين بە مونافیقین دەرێ لە سوڕەتی مونافیقین ئایەتی یەکەم: (اذا جاءك المنافقين قالوا نشهدوا إنك لرسول الله) ئائەو قەولە قبول نەبووە لێیان، ئیذەن کەلیمەی (قول) لە هەموو ئەحادیث و طڕوحاتی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم مەخسەدی حالەك بووە لەناو داخیلی صاحابە، ئەوە ئەو، یەعنی کە حال دروست بوو لەناو داخیلی صەحابە بەس زمان ئیقڕاڕ دەکا، لۆیێ پاشان عولەمای ئەحناف هاتینە گۆتیتیان الاسلام إقرار باللسان و تصديق بالجنان و عمل بالاركان، ئائەو سێیەیە.

بەس مورجئە نەبی دەرێ من قال لا إله الله کەلیمەی قەولی حەصڕ کرد لە بەس تەلەفوظ، لۆیێ ئێستا زۆر ئینسان هەیە بە مەلاین ئینسان هەیە هەر دەرێ لا اله الا الله محمد رسول الله، اما ئەو لا

اله الا الله فيعلەن قەولی کەلیمەیە، تێدەگەی برای من؟ یان داخیلی وەك ئیسفەنجەك کو ئاو دەچیتە هەموو خەلایەکانی ئائەو لا اله الا الله یە چویتە ناو هەموو خەلایەکان.

چونکی لۆ؟ وەرە سەر دیسان عەصرِی صەحابە: أبوسفیان حەفت ساری رِەبەق موصارِەعەی پێغەمبەر دەکا لەسەر ئەو کەلیمەیەی، دەرێ: والله لو طلب منا كلمة غير هذه، ئیذەن لێرە عقب ابن معیظ هەر کەلیمەکەی گۆتییە.

باشە پرسیارەکە ئەوە بوو لەبەر چ دەیگۆت، ئەو کابرایە پێغەمبەری خۆشویستییە، ئەمن مەثەلەن برادەرەکی غەیری موسڵمان دەعوەتمان دەکا دەزانی ئەمە کەیفمان بە چ دێ، دەچی کەیفت بەوەی دێ شریتەکی قورئانت لەبۆ لێدا دەچی لەکن تەسجیلات رووناکی شیرتەکی بەکرێ دەگری یان دەکرِی لەبۆت لێدەدا، قەناعەتی بە قورِئانەکەی نییە، یاخود قورئانەکی لە مارێ داپیری دەینی تۆزی لەسەر کەتییە، دایدەوەشینی لە دیواری دەدا دەرێ کەیفی بە قورئائەکەی دێ، زانی ئیشی پێتە شتەکە خۆشتی دەوێ ئەوشتانە زۆر هەیە.

(یەکێك): ابوجهل لۆ پێی گۆتییە ئیللا دەبی تفی لێ بکەی؟ یەعنی نەیگوتییە ئەمن بە درۆ وەمگۆتییە لۆ قەناعەتی پێ نەهاتییە؟ یەعنی بەلێ.

(مامۆستا):خۆ دەیتانی برێ ئەمن بە درۆ وەم گۆتییە لۆ رەزامەندی وی خۆی کابرایەکی بێ ئەوە بووە، عقب بن موعیض کابرایەکی بێ شەخصییەت بووە، یەعنی کابرایەکە زۆر لە بن دەستی وجەهاو ئەوانە ئیش دەکەن، ئا وەکی خزمەت کار برێین، شەخصییەتەکی ئەوهای هەبووە یەعنی هەرچی پێ گوترابی تەقرییەن چونکی لەقەطاطی کەسی هەیە لە حەیاتی ئەوها دەنیئە، ئەمما ئەمن خۆم شەخصی خۆم قەناعەتم بەو حادیثەیەی نییە، کە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم فیعلەن ئەو بێ ئەدەبیەی لەگەر کرابی، قەناعەتم بەوەی نییە.

(یەکێك): یەعنی ریوایەتەکە صەحیح نەبی؟

(مامۆستا): نەء، قەناعەتم پێی نییە بەینە قەوسەین، ئەمما یەك شت هەیە صەراحەتەن نەصیحەت لەبۆ خۆشم لەبۆ نگۆشە ان شاءالله، ئەوە موهیمە دائیمە نەضرەی قورئانیمان هەبی، بە نیسبەت هەموو شتەك نەضەری قورئانی.

برایەك لێرە مەجودە ئەورِۆ ئێوارێ بەحثی ئەوەمان دەکرد پێشی فەترەك حەدیسەکمان لێرە شەرِح کرد، بەحثی حەنضەلەمان کرد حەنضەلە ئەها دێتە خزمەت پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەرێ: نافەقە حەنضەلە لۆ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم لێی دەپرسی دەرێ ئەمن لەگەر جەنابت ئەوها ئیمانم برندە کە دەچمە بازارِێ و ماڵ و الی اخرە ایمانم دێتە خوارێ، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم چی پێ دەفەرمی؟ ئافەرین چاکە وەنییە؟ حەدیسەکە ریوایەتەکەی ئەوها پێغەمبەر صلی الله علیە

وسلم دەفەرمی: (إنما هي ساعة و ساعة)، ئەگەر لەگەرم بای هەموو وەقتەکی ئیمانت هەموو وەقتەکی وەکی ئەو حالەتەی بایە کە لەگەرم بی، (لصافحتم الملائکه في الطرقات)، ئەوە ئەو حەدیسی مەشهورە و مەعروفە.

ئەمە دێین ئیجماعی ئوممە لەسەر ئەوەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئیقرارِی لەبۆ حەنضەلەی کردییە، کە فیعلەن حەنضەلە: (إنما هي ساعة فساعة)، هەموو شورِوحات هەموو شورِوحات ئەوهایە لە کتوبی تەفاسیر، عیلمەن خەطەئە رب العالمین خۆی دەفەرمی ئەو لەو سورِەتەی سورِەتی حەج، کە بەحثی ئەوەی دەکا: (رجال لاتلهیم تجارة و لابیع عن ذکر الله)، رجال لاتلهیم باشە کو حەنضەلە رسول الله ئیقرارِ بکا، والله ئەتوو کە چوویە ناو بازارِ قەیناکە غەفلەتت لەبۆ دروست بی بەرامبەر رب العالمین، ئایەتی لەبۆ بێ: (رجال لا تلهیهم تجارة ولا بیع عن ذکرالله) بە حەنضەلەش برێ برۆ قەیدی ناکا ئەگەر غەفلەتیشت لۆ دروست بی!